# دەروونزانی پەروەردەیی

## قۆناغی دووەم

## بەشیزانستی گشتی

## 2023/1/15


## ماموستای بابەت

## پیمان صابر حسین

- **<u>پێشەکی دەرونزانی پەروەردەیی</u>**
- **دەروونزانی پەروەردەیی وەك زانستێکی سەربەخۆ لە فەلسەفە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەسەر دەستی زانا** (Edward Thorndike) **سەری هەڵدا**.
- **ئەم زانستە وێنەیەکی روون و ئاشکرای وەرنەگرت تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی** 1920.
- **هەردوو زانای ئەمریکی ( جۆن دیوی و ولیام جیمس ) بەو دوو بیرمەندە دادەنرێن کە کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە لە دەرکەوتنی دەروونزانی پەروەردەیدا**.
-

- **<u>پێناسەی دەروونزانی:</u>**
- ئەو زانستەیە کە لە رەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە ، واتا وەسف و باسی دەکات و هەوڵی تەفسیرکردن و لێکدانەوەی دەدات.

- ـ لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆتایی سەدەی نۆزدە گرنگی دان بە جێ بەجێ کردنی بنەماکانی دەروونزانی دەستی پێ کرد لە بواری پەروەردە.

- **پێناسەی دەروونزانی پەروەردەیی:**
- – لقێکی پراکتیکیە هەوڵ دەدات بارودۆخە جیاجیاکانی ناو قوتابخانە و پۆل شیبکاتەوە، وە لەڕووداوەکانی ناو پۆل بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری بەمامۆستا ببەخشێت، تا بەباشترین شێوە پرۆسەی فێرکردن بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات.

- – بریتی یە لە لێکۆلینەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ڕەفتاری تاك لە بابەتە پەروەردەییەکاندا بۆ زامنکردنی تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا.

- * ئامانجەکانی دەروونزانی پەروەردەیی:

- ئامانجی یەکەم: بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی تیۆری یە لە بارەی رەفتاری مرۆڤـــ, لەبارودۆخی فێرکردن و فێربووندا, ئەوەش لە رێگەی ئەو چەمك و پرەنسپ و تیۆرە دەروونیانەی کەکار لەسەر تیگەیشتن و راڤەو کۆنترۆلکردن و ئاراستەکردنی رەفتار دەکەن کە پەیوەستن بە قوتابی و فێربوونەوە.

- ئامانجی دووەم: دانانی ئەو مەعریفە تیۆریە لە چوارچێوەیەکی کردەیی پراکتیکی وا بێت کەوا مامۆستایان و پەروەردەکاران بتوانن لە بارودۆخی فێرکردن و فێربوونی ناو پۆلدا بەکاری بهێنن.

- **گرنگی دەروونزانی پەروەردەیی بۆ ماموستا؛**
- ئەگەر مامۆستا شارەزایی و زانیاری پیویستي دەربارەی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی و پیشەی مامۆستایەتی نەبێت ، چۆن وانە دەڵێتەوە؟
- 1. هەوڵ دەدات وەك چۆن لە كۆندا وانە گوتراوەتەوە، ئەویش وەك ئەوانەی پێش خۆی وانە بڵێتەوە.
- 2. هەوڵ دەدات كە لاسایی هاوڕێ و مامۆستاكانی هاوپیشەی خۆی بكاتەوە، وەك ئەوان وانە بڵێتەوە.
- 3. یان لەوانەیە مامۆستا پشت بە هەوڵدان و هەڵەكردن ( المحاولة والخطاء) ببەستێت.